
لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی پێشمەرگە



هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

خوێنەرە بەڕێزەکان !

ئەوەی لەم نامیلکەیەدا دەیخوێننەوە، نە چیرۆکە و نە ئەفسانە . بەسەرهاتی چەند پێشمەرگەی قارەمان و چەند سەربازی بێناو ونیشانی ئەم نیشتمانەیە . ئەم بەسەرهاتانە لە دەفتەری یادداشتەکانی رۆژانەی پێشمەرگەی ژیروخوێندەوار و بەبیروبڕوا کاک "ئاسۆ"دا تۆمار کراوە، کە ماوەیەک لەمەوبەر داویە بە کومیسیۆنی چاپەمەنی .

کاری ئێمە لە سەر ئەم بەسەرهاتە تەنیا ئەوەندە بووە کە رێنووسەکەیمان گۆڕیوە و بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە و رێک و پێکمان کردوە . کاک ئاسۆ بۆخۆی دەڵێ: "کوردی لە کوردی ـ نەزانان فێر بووم". هەر بۆیەش کوردی نووسینەکەی لە باری رێنووسەوە هێندێک کەموکووڕی تێدایە .

ناوی حەمە و سولەیمان و نەشمیل و هەموو ئەو ناوانەی لەم

بەسەرهاتەدا دەکەونە بەرچاوتان، تەنانەت ناوی کاک ئاسۆ خۆشی، ناوی "نهێنی"ن . لەبەر هێندێک هۆی تایبەتی ئێستا ناکرێ ناوە ئەسڵییەکان بڵاو بکەینەوە . ئاواتمان ئەوەیە بەزوویی داری ئاواتی گەلەکەمان بێتە سەربەر و هەل و مەرجێکمان بۆ برەخسێ کە بتوانین هەموو نهێنییەکان بدرکێنین و هەموو سەربازە بێناوەکان بناسێنین .

لە کۆتایی ئەم پێشەکییە کورتەدا پێویستە بڵێین: ئێمە دڵنیاین پێشمەرگە خۆشەویستەکان سەدان بەسەرهاتی لەو بابەتەیان لە سنگی خۆیان، یان لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیان دا تۆمار کردوە، کە ئەگەر بۆمان بنێرن و بڵاویان بکەینەوە، هەم ئەدەبیاتی حیزبەکەمان دەوڵەمەندتر دەبێ و هەم پێشمەرگە قارەمانەکانیش لە تاقیکردنەوەکانی یەکتر کەلک وەردەگرن .

لەوەش کە نووسراوەکەی کاک ئاسۆمان، وا بەدرەنگەوە بڵاو کردەوە، داوای لێبووردن دەکەین و هیواداریـن ئەمە دواجارمان بێ کە دیارییەکانی خوێنەران و بەتایبەتی پێشمەرگە ئازیزەکان لە بڵاوکردنەوەدا وەدوا بخەین .

کۆمیسیۆنی چاپەمەنی

*

ئەمن و حەمە و سولەیمان هەرسێکمان منداڵی گەڕەکێک بووین. من و حەمە بەساڵێک لەدایک ببووین و پێکەوەش چووبووینە قوتابخانە. بەڵام سولەیمان نەختێک باوخۆشتر بوو. ئەو ساڵەی من و حەمە چووینە قوتابخانە، سولەیمان لە پۆلی سێهەمی سەرەتایی بوو. سولەیمان و حەمە خاڵۆزا وپوورزا بوون. منیش بە خزمایەتی لێیان دوور بووم، بەڵام لە کۆنەوە بنەماڵەکانمان پێکەوە ئاوماڵ و لەڕاستیدا یەک ماڵ بوون. لە بەر ئەوەی ماڵەکانمان لێک نزیک بوون، تا ئەو کاتەی سولەیمان چووە قوتابخانەی ناوەندی، هەموو ڕۆژێ سێبەسێ دەچووینە قوتابخانە و سێبەسێش دەگەڕاینەوە.

ئەو ساڵەی سولەیمانمان لێ هەڵبڕا، هەر دەتگوت شتێکمان لێ ون بووە. هەتا مانگ و نیوێک ـ دوو مانگ هەموو ڕۆژێ لە بەر دەرگای ماڵەکەیان هەڵوێستەیەکمان دەکرد و چاوێکمان بۆ سولەیمان دەگێڕا. کاتێک وەبیرمان دەهاتەوە کە ئیدی ئەو لە قوتابخانەیەکی دیکەدیە، کەمێک بەخۆدا دەشکاینەوە و دووبەدوو دەڕۆیشتین. ئاواتمان ئەوە بوو ئەو دوو ساڵە زووتر تەواو بن و ئێمەش بچینە ناوەندی، تا لەگەڵ سولەیمان

یەک بگرینەوە .

پاش دووساڵ، سەرلەنوێ یەکترمان گرتەوە . ئەمجار هەموومان گەورە ببووین و ببووینە "پیاو"! . سولەیمان بە تەمەن هەر دووساڵ لە ئێمە گەورەتر بوو . بەڵام بە ئەقڵ و ئەزموون دەساڵیش زیاتر لە پێش ئێمەوە بوو . ئەو نە بۆ من بێگانە بوو، و نە بۆ حەمە خزم . بۆ هەردووکمان "دۆست" بوو . سولەیمان زۆر و ئێمە کەم، لە باری سیاسییەوە مێشکمان کرابووە . دەمان زانی ئەو وەزعەی لە ئێراندا هەیە، وانابێ و پێویستە بگۆڕێ . بەڵام چۆن بگۆڕێ و کێ بیگۆڕێ وچی بێتە جێ؟ ئەمەمان نەدەزانی . ئەو فکرە هەموومان، بەتایبەتی سولەیمانی ئازار دەدا .

سولەیمان دووساڵ پێش ئێمە دیپلۆمی وەرگرت و لە دێیەکی سەر بە شارستانی مەراغە بوو بە سوپای دانیش . دوای تەواو بوونی دەورەی سوپایی گەڕایەوە لای خۆمان و لە ریزی هەزاران دیپلۆمی بێکاری زەمانی شادا ناونووسیی کرد . پاش چەند مانگ بێکاری لە بەر دەرکی دووکانەکەی بابی شەربەت فرۆشییەکی دانا و وەک بۆخۆی دەیگوت دەستی کرد بە "کاری بیکاری" .

من و حەمەش پاش وەرگرتنی دیپلۆم چووینە خزمەتی سوپایی . کە گەڕاینەوە پاش ماوەیەک حەمە لە ئیدارەی دارایی کارێکی پەیدا کرد و منیش لە لای دەفتەردارێک بە رۆژکار دامەزرام . وەک دەڵێن: "شەڕ لە بەتاڵی چاکترە" . لە گەڵ ئەوەی وەزعی ماڵیمان باش نەبوو ،خۆشمان رادەبوارد ،وەختی بێکاری هەمیشە پێکەوە بووین ،زۆرجاریش ئێواران هەرسێکمان دەچووینەوە ماڵی یەکێکمان و ئەوێ تا درەنگ خەریکی باس کردن و کتێب ـ خوێندنەوە دەبووین و پاشانیش هەر لەوێ دەنووستین .

* * *

**

ساڵی ١٣٥٦ بەسەرداهات. پێشان لە تەورێز و پاشان هەر ڕۆژە لە شارێک مان گرتن و خۆپیشان دان دژی ڕیژیمی شا دەستی پێ کرد. ئاگری شۆرش زۆر زوو لە کوردستانیش هەڵگیرسا. هەموو ڕۆژێ ڕێپێوان بوو، هەموو ڕۆژێ کۆبوونەوە بوو. خەلک دەیان ویست داخ و دەردی دەیان ساڵ ژیرچەپۆکی هەڵ ڕێژن. لاوەکان چالاکانەتر بەشداری شۆرش بوون. ئێمەش هەلێکی باشمان بۆ ڕەخسا بوو. بۆ من دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی کاری دەفتەرخانە وەلا بنێم. لە پێشداش هەر بە ناچاری ئەو کارەم وەرگرتبوو. من و حەمە و سولەیمان لێرەش دا هەر پێکەوە بووین. بۆ هەموو کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکان پێکەوە دەچووین.

ئەوی ڕاست بێ من و حەمە زۆر لە شت حاڵی نەبووین. بەڵام سولەیمان زۆری دەزانی. بۆیە لە ڕاستیدا ئەو مامۆستا و ئێمە قوتابی بووین. سەری سولەیمان لە نێو هەموو سەران دا دیار بوو. زۆرجار خۆپیشان دان ئەو ڕێکی دەخست. درۆشمەکان

ئەو دای دەنان و داخوازەکان بۆخۆی گەڵاڵەی دەکردن. دۆست و دوژمن دەیان ناسی. خەڵک زۆریان خۆش دەویست، کۆنەپەرستانیش زۆریان رق لێی بوو. چەند جار گرتیان. ئێمەشیان دەگەڵ رەپێچەک دا. بەڵام چونکە هیچمان لێ نەدەگیرا، پاش دووسێ رۆژ بەردەبووین.

بەرە بەرە رێکخراوە سیاسییەکان تێکۆشانی نیوەئاشکرایان دەست پێ کرد. زۆر رێکخراوی تازەکوورەش لەملا ولەولا سەریان هەڵ دا. سولەیمان دەیزانی خەباتی سیاسی دەبێ لە چوارچێوەی بەرنامەی سیاسی و لە ریزی رێکخراوی سیاسی دا بەرەوپێش بچێ. ئێمەشی کەمتاکورتێک تێگەیاندبوو. ئێستا لە نێو ئەو هەموو رێکخراوەدا کاممان هەڵ بژاردبایە؟ ئەمەمان نەدەزانی. من و حەمە زۆر بەپەلە بووین. بەیاننامەی هەر رێکخراوێکمان دەست کەوتبایە، دەمان گوت با بچین و لە گەڵی بکەوین. بەڵام سولەیمان جۆرێکی دیکە بوو. ئەو دەی گوت نابێ پەلە بکەین. رێکخراوی سیاسی قاوەخانە نییە هەر رۆژێک چایەکەی درەنگ بۆ هێنای بیگۆڕی. دەبێ رێبازی خۆمان بە تێگەیشتنەوە هەڵ بژێرین و دوایەش هەتا سەر پێیدا برۆین.

یەکێک لە رۆژەکانی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٧ بوو. سەعات دەی بەیانی کە لە ماڵ دەرکەوتین، دیتمان خۆپیشاندانە. ئێمە پێشتر نەمان زانیبوو. چووین و لە پیادەڕێیەک راوەستاین تا خەڵکەکە هاتن و بە پێشماندا تێپەڕین. ژمارەیان لە جاران زیاتر نەبوو. کەچی خۆپیشاندانەکە شکۆیەکی دیکەی هەبوو. ئەمن هەرچی بیرم کردەوە تێنەگەیشتم مەسەلە چییە، وا دیار بوو حەمەش هەر هێندەی منی تێ دەگا. بەڵام

سولەیمان حالەتێکی سەیری پەیدا کردبوو. هەم خۆشحـــــاڵ دەهاتە بەرچاو، هەم دیار بوو فکری بە شتێکەوە خەریکە.
دوای ماوەیەک ڕامان، گوتی:
"با بڕۆین".
هەروا دووروونیزیکی ئاپۆرای خەڵکەکە وەڕێ کەوتیـــــن.
سولەیمان رووی تێکردین و گوتی:
"کوڕینە! ڕێک و پێکی و نەزمی ئەم خۆپیشاندانە شتێکــی دیکەیە. بڕوانە درۆشمەکانی. هەموویان نێوەرۆکی قووڵــی سیاسییان هەیە: "ئێمە جیاوازی خوازین، ئازادی خوازیـن"، "خودموختاری ئاواتی لەمێژینەی گەلی کوردە". "گەلی کـــورد دەبەوێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا بەشدار بـــێ". "باشترین زامنی خودموختاری، دێموکراسییە". بێ و نەبێ ئەم خۆپیشاندانە حیزبێکی سیاسی ڕێکی خستوە. کاکە! ئێمە هـەر دەزانین چیمان ناوێ. بەڵام ئەوان دەزانن چییشیـــان دەوێ. ئەمن دەبێ بزانم ئەم خۆپیشاندانە کێ سازی کردوە".
پاش ئەم قسانە هەنگاوی توندتر کردن. ئێمەش بـــە دوای دا ڕۆیشتین تا گەیشتینەوە ئاپۆرای خۆپیشاندان. دوای ماوەیەک دیتمان سولەیمانمان لە گەڵ نیە. هەرچی چاومان بۆ گێـــڕا، وەبەرچاومان نەهات. لە نێو ئەو هەموو خەڵکەدا کـــە وەک دەریا شەپۆلی دەدا، دەرەتانی دیتنەوەشی نەبوو. گوتم:
"باشتر وایە بۆخۆمان لێک هەڵ نەبڕێین. پاش خۆپیشانـــدانەکە ئەگەر هەر نەهاتەوە هەوڵێکی بەدوادا دەدەین. پێـــم وا نیە گیرابێ. ساواک و ژاندارمری زەبروزەنگی جارانیـــان نەماوە".
سەعاتێکی پاش نیوەڕۆیە بەرەوماڵ دەگەڕاینەوە. لـــە

پشتەوەڕا یەکێک بانگی کردین. کە ئاوڕمان دایەوە دیتمان خۆیەتی. نەختێک پێمان گرتەوە تا گەیشتەوە ئێمە. بزەیەکی شیرن لە سەر لێوانی دیار بوو. ماندوونەبوونیمان لێ کرد. بە پێکەنینەوە جوابی داینەوە و گوتی:

"دیمەوە".

ئێمە کە "گێرەمان لە هەولێر دەگەڕا" گوتمان:

"چیت دێیەوە؟".

بە خۆشحالییەوە جوابی دایەوە:

"ساغم کردەوە ئەم خۆپیشان دانە کێ ڕێکی خستوە. دووڕۆژم لێ راوەستن، هەموو شتێکتان بۆ روون دەکەمەوە".

ڕۆژی سێیەم بۆ شەوێ من و حەمەی بانگ هێشتن کرد. پاش نان خواردن چووینە ژوورەکەی خۆی و دەستمان بە قسان کرد. سولەیمان گوتی:

"با بۆتان بگێڕمەوە. ڕۆژی خۆپیشاندانەکە کە لە ئێوە هەڵ بڕام، خۆم‌گەیاندە ئەو ماشێنە کە بڵیندگۆیەکەی لە سەر بوو. دیتم ئەحەڕەش(*) لە پشت میکرۆفۆنەکە دانیشتوە و درۆشمەکان دەخوێنێتەوە. لێی چوومە پێش. سەرم بردە بن‌گوێی و لێم‌پرسی:

"پێم نالێی ئەم درۆشمانەت لە کوێ هێناوە؟".

ئەحە زوو لێم حالی بوو. گوتی:

"ئێستا نابێ. شەوێ وەرە مالێ، پێت دەلێم".

---

(*) بەداخەوە حیزبایەتییەکەی ئەحەڕەش هەر لە پشت میکرۆفۆن بوو. ئێستا لە شارە و دەستی بە کلاوی خۆیدا گرتوە بانەیبا.

شەوێ کە چووم، ماڵەکەیان پڕ بوو. نەکرا باسی هیچ بکەین. وەختی ماڵ ئاوایی پاکەتێکی دایە دەستم و گوتی:

" ئەم نامیلکەیە بەرە بیخوێنەوە. ئەگەر بە دڵت بوو، سەرێکم بدەوە".

وەختێک گەیشتمەوە ماڵێ و پاکەتەکەم هەڵ پچڕی، دیتم ئەو "نامیلکە"یە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە. هەر ئەو شەوە نەنوستم تا خوێندمەوە. دوایەش دووسێ جاری دیکەم بە وردی خوێندەوە. ئەگەر راستان دەوێ پیاو دەبێ بە دەرس بیخوێنێ هەتا بەباشی تێی بگا. بەڵام ئەوەندەی لێی حالی بووم پەسندم کردوە و بەشبەحالی خۆم گەیشتوومە حیزبی خۆم".

بە بیستنی ئەم قسانە حەمە هاتە قسە:

" بەخوای منیش قبووڵمە و دەبم بە دێموکڕات".

سولەیمان کە ئەمەی بیست، تەماشایەکی حەمەی کرد، سەد مانای تێدا بوو. پاشان بە پێکەنینەوە گوتی:

" بەخوای بابە تەواومان کرد. کاکم بەچاوبەستراوی دەبێتە دێموکڕات! پێی وایە کەس نەبینەیە! کاکی خۆم، راستە ئێمە دۆستین و بڕوامان بە یەکتر هەیە. بەڵام ئەمە فکری سیاسییە. کێ دەڵێ ئەوەی بە دڵی منە، تۆش بە دڵت دەبێ؟ فەرموون، ئێوەش بیخوێننەوە و بیروبەرژەوەندی خۆتانی لێ بکەنەوە. جا هەرکەس بە تێگەیشتنەوە قبووڵی کرد، دەبێتە دێموکڕات، ئەوەی بە دڵیشی نەبوو، شتێکی دیکە هەڵ دەبژێرێ و برایەتی یەکەشمان لە جێگای خۆی".

زۆری لە سەر نەڕۆین، من و حەمەش خوێندمانەوە وئەوەندەی لێی تێگەیشتین، زۆرمان پێ باش بوو. دوای چەند رۆژ سولەیمان

من و حەمەشی لە گەڵ خۆی برد و چووینە لای ئەحەڕەش. ئەگەر باشم لەبیر مابێ، ڕۆژی ٢٧ی سەرماوەزی ١٣٥٧ بوو کە هەر سێکمان ناونووسیمان کرد و بەرەسمی بووینە لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. قسەی خۆمان بێ، هەرچەند بە نووسراو سەرنامە و پێڕەومان قبووڵ کردبوو، بەڵام بەش بە حاڵی خۆم زۆر بەو شەش مانگ تاقیکردنەوەیە قەڵس بووم. بەراستی هەر ڕۆژێکی بە مانگێک دەگوزەرا.

ڕۆژەکانی پاش ناونووسینی ئێمە ڕوژانێکی خۆش و پڕ لە دەسکەوت و سەرکەوتن بوون. زەمان بە خێرایی رادەبرد. شۆڕشی خەڵک لە پێشکەوتن دابوو. هەموو ڕۆژێ سەرکەوتنێک وەدەست دەهات و دوژمن چەند هەنگاو پاشەکشەی دەکرد. تا سەرەنجام لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان دا شۆڕش گەیشتە لووتکەی سەرکەوتن و دامودەزگای سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا بۆ هەتاهەتایە تێکەوە پێچرا. ئەو ڕۆژانە هەموویان ڕۆژی مێژوویی و لەبیر نەکراون. بەڵام دەتوانم بڵێم بۆ منیش و هاوڕێیەکانیشم خۆشترین ڕۆژ ئەو ڕۆژە بوو کە بەرپرسی تەشکیلاتی شار بانگی کردین بۆ کۆبوونەوە و لەکاتێک دا دەیان کەسی وەک ئێمە حازر بوون رایگەیاند کە حیزب بڕیاری داوە دەورانی ڕاپەڕین وەک دەورەی تاقیکردنەوە حیساب بکا. بۆیە لە ئێستاوە ئێوە هەمووتان ئەندامی حیزبن، بە تەواوبوونی ئەم وتەیە چەپڵە ڕێزانێک دەستی پێ کرد، هەر ئەوەندە بوو ساڵۆنی کۆبوونەوەکەی هەڵ نەگرت. بەراستی کە ڕۆژێکی خۆش بوو – ڕۆژی ٥ی ڕەشەمەی ١٣٥٧–.

بە پێکهاتنی هێزی پێشمەرگە، ئێمە هەرسێکمان چەکمان وەرگرت و بەرگی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتیمان لەبەر کرد.

سولەیمان لە هەموو کاروبارێکی حیزبیدا سەرکەوتوو بوو. لە هەموو بارێکەوە ئەندامێکی نموونە بوو. ئازا بوو. بە دیسیپلین بوو. رووخۆش بوو. خۆ بە کەمگر بوو. نهێنی پارێز بوو، گەل دۆست بوو. نیشتمان پەروەر بوو. لە سیاسەتی حیزب شارەزا بوو، و لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی حیزبیدا تەردەست و چالاک بوو. لە بەر هەموو ئەم سروشتانەش خۆشەویستی حیزب و گەل بوو.

بەڵام لە پێشمەرگایەتی دا بوو کە لێوەشاوەیی سولەیمان گولی کرد. لە یەکەم دەورەی سیزامی‌دا کە لە ناوچەی ئێمە کرایەوە، لە نێو پەنجا هاودەورەی‌دا بە یەکەم دەرچوو. تاقوانیت بۆ هەلاویشتیا، لە هەوا دەی ئەنگاوت. ئارەبی‌جی نەدەبوارد. خومپارەی لە ئیشیکانی دەکرد. لە گەڵ ئەو هەموو هونەرەش دا مەند و لەسەرەخۆ بوو. بە هیچ شتێک لەخۆی بایی نەدەبوو. فیزی بە سەر کەسەوە لێنەدەدا. لەوانەش گرنگتر لە تەنگانەدا شەرمزان و خەجلانی نەدەناسی. هەموو پێشمەرگەکانی خۆش دەویست و خۆشەویستی هەمواشیش بوو.

زۆری پێ نەچوو کە کرا بە فەرماندەری تاقمێک لە پێشمەرگەکان. من و حەمەش هەر لە گەڵ خۆیدا بووین. حەزی دەکرد هەموو پێشمەرگەکان لە خۆی ئازاتر بن. زۆری خۆ بە پێگەیاندنی پێشمەرگەوە ماندوو دەکرد. هەرچەند بێگومان ئێمەی خۆش دەویست. بەڵام قەت وای نەدەنواند کە ئێمەی لەوانی دیکە پتر خۆش دەوێ. هەموو پێشمەرگەکان وەک گلێنەی چاوی خۆیان دەپاراست. من و حەمەش هەمیشە لە پشتی بووین و بۆ هەر کوێیەک چووبایە، لە گەڵی دەچووین.

* * *

***

نەشمیل ئامۆزای سولەیمان بوو. سولەیمان تاقانە کوڕی بابی و نەشمیل تاقەکچی بابی خۆی بوو. بۆیە هەردووکیان خۆشەویستی باب و مامی خۆیان بوون. هەرچەند نەشمیل چوار پێنج ساڵ لە سولەیمان چووکتر بوو، بەڵام هەر لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە ببوون. ئەوان زیاتر لە دوو ئامۆزا ئۆگری یەکتری بوون. نەشمیل پازدە ساڵە بوو کە میرزا رەحمانی بابی ماڵی خۆی کرد. ئەو ماڵ جوێکردنەوە ئەگەر بە رواڵەت ماڵەکەی کردە دووماڵ، بە کردەوە برایەتیی میرزا رەحمان و میرزا حەسەنی براگەورەی خۆشتر کرد. میرزا حەسەن و میرزا رەحمان ماڵێک بوون لە دوو خانوودا، یان گیانێک بوون لە دووقالبدا.

ئۆگریی نەشمیل و سولەیمانیش رۆژبەڕۆژ زیادی دەکرد. زۆربەی شەوان یان سولەیمان لە ماڵی میرزا رەحمانی مامی دەمایەوە، یان نەشمیل لە ماڵی مامەگەورەی. وای لێ هات پاش گەڕانەوەی سولەیمان لە خزمەتی سوپایی، هەموو کەس نەشمیل و سولەیمانی بە دەزگیرانی یەکتر دەزانی. خەڵک

دەیان گوت :

" ئەوانە خوا بۆ یەکتری داون" .

" هەردووکیان تاقانەن و چاک لێک دەوەشێنەوە" .

" ئەوانە لە عەرشی عەزیم مارەیان لێک بڕاوە" و زۆر شتی لەو بابەتە .

کەچی نەشمیل و سولەیمان هەر بیریشیان لەو مەسەلەیە نەکردبۆوە .

لە جێژنی ٢٥ی گەلاوێژی سالی ١٣٥٨دا کوردستان سەرانسەر شادی و پێکەنین بوو. یەکەم جار بوو خەلک جێژنی دامەزرانی حیزبی خۆشەویستی خۆیان ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ یان بە ئازادی دەگرت . لە هەموو جێگایەک بەزم و خۆشی و شایی و هەڵپەڕین بوو. لە لای ئێمەش داوەتێک گیرابوو، ئەم سەر شەوسەری دیار نەبوو. نەشمیل و سولەیمان لە دەستی یەکتر دا هەڵ دەپەڕین . دەت گوت دوو خەڵفی چنارن هەڵ چوون، هەموو چاوەکان لەو جووتە نەمامەوە بڕابوون، دایکی نەشمیل و سولەیمانیش لە دەوری داوەتێ ڕاوەستابوون و سەیری هەڵپەڕینی کیژوکوڕانیان دەکرد. بزەی شادی لە سەر لێوی هەردووکیان نەخشی بەستبوو.

ماپەرەخانم سەری بردە بن گوێی عیسمەت خانم و بە سەبرێکەوە لێی پرسی :

" تۆخوا بڕاژن، نەشمیل و سولەیمان لێک جوان نین ؟" .

عیسمەت خانم بە بزەیەکەوە جوابی دایەوە :

" خوا بە دایک و بابی خۆیان ببێلێ" .

ماپەرەخانم بە دەرفەتی زانی و گوتی :

" دەبلێ خوا لێکیان نەکا" .

عیسمەت خانم بە جۆرێک کە رازیبوونی لێ دەردەکەوت :

"برازن گیان! خۆ ئێمە نەبوویتە وەکیلی وان. ئەگەر بۆخۆیان پێک رازی بوون، یاخوا لێک مەبارەک بن".

دوو رۆژ دواتر جێژنێکی خۆماڵی گیرا و شیرنی خورایەوە و نەشمیل و سولەیمان ئەڵقەی دەزگیرانەتییان گۆڕیەوە. قەرار بوو زەماوەندەکەشیان بکەن، کە دوژمن شارەکانی کوردستانی پەلامار دا. ئەو رۆژەی پێشمەرگە لە شار وەدەردەکەوت، سولەیمان من و حەمەی لە گەڵ خۆی هەڵ گرت و چوو بۆ ماڵی مامی. عیسمەت خانم کەمێک ناڕەحەت دیار بوو. بەڵام نەشمیل هەروەک برازاوای بۆ چووبن، خۆشحاڵ بوو. بە دەنگێکی شێرانەوە گوتی:

"شەڕ داوەتی کوردانە. لە چاوی منووکەوێ، با کوردستان بێتان بنازێ. داوەتی ئێستاتان پیاوانە بگێڕن. زەماوەندی من و سولەیمان با بۆ دوای سەرکەوتن بێ. داوەتی من و سولەیمان دەبێ لە سەر گۆڕی داگیرکەران بگیرێ".

سولەیمان کە لە خۆشیی قسەکانی نەشمیل فرمێسکی شادی لە چاوانیدا قەتیس مابوو، هەر ئەوەندەی پێکرا کە بڵێ:

"نەشمیل گیان! ئەتۆ زۆر خۆشەویستی. بەڵام کوردستان خۆشەویستی هەردووکمانە".

پاش ئەم قسانە خواحافیزیمان کرد و وەدەر کەوتین. هەتا لە ماڵی میرزا رەحمان نەدیو بووین، سولەیمان چەند جاری شاوڕ دایەوە و دەستی بۆ نەشمیل راوەشاند کە هەروا لە شێپانەی دەرگادا راوەستابوو.

شەڕی سێمانگەی هاوینی ١٣٥٨ دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی قەدر و رێز و خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی

ئێران لە لای خەڵکی کوردستان بناسین. وەختێک لە شار بووین، پێمان وابوو حیزب هەر لە شار هەیە. بەڵام کە دەرکەوتین ئەمجار تێگەیشتین حیزبی دێموکرات بانی چی؟ پێشمەرگە لە هیچ کوێیەک بێگانە نەبوو. لە هیچ دێیەک میوان نەبوو. هەموو کەس خۆشی دەویست. هەموو ماڵێک ماڵی پێشمەرگە بوو. لەوەش زیاتر، هەموو کەس پێشمەرگە بوو.

ناوی حیزبی دێموکرات ویردی زمانی هەموان بوو. هەموو کەس بە ڕێبەری بزووتنەوەی دەزانی. خەڵک زۆربەی ڕێبەرانی حیزبیان بەناو دەناسی و زۆریشیان هەر لەنێزیکەوە دەناسین. من و سولەیمان و حەمە تازە حاڵی دەبووین ئێمە چەند دوای خەڵکی لادێ بووینە دێموکرات. دەچووینە هەر جێگایەک لە جیاتی ئێمە باسی حیزب بۆ خەڵک بکەین، ئەوان بۆ ئێمەیان باس دەکرد. پیرەپیاوەکان بەسەرهاتی "زەمانی دێموکرات"یان(*) بۆ دەگێڕاینەوە. باسی پێشەوا قازی محمدیان بۆ دەکردین. بە داخ و خەفەتەوە یادی گەڕانەوەی شەرتەشی شا بۆ کوردستان و تێک چوونی دێموکراتیان دەکردەوە. زۆر کەس دەی گوت:

"بریا مردبام و ئەو ڕۆژەم بە چاوی خۆم نەدیبایە".

قەت لەبیرم ناچێ، تازە لە شار وەدەرکەوتبووین، ڕۆژێکیان لای ئێوەڕۆیە لامان دا بە سەر مووچەی پیرەپیاوێکی جووتیار. نێزیک بە ٣٠ کەس دەبووین. هەر کە چاوی پێمان کەوت لە دوورەوە بە پیرمانەوە هات. یەک بە یەک دەستی لە ملێو دەست ناین و بەخێرهاتنی کردین. پاشان تەرەدەستەشاورەکەی کردەوە و

---

(*) "زەمانی دێموکرات" مەبەست سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوو.

کتریەکانی وەسەرنا . بە رووییەکی خۆشەوە گوتی :
"ئەگەر برسیتانە، هەتا چایەکە دەگاتێ با نانتان بۆ دانێم".
سولەیمان جوابی دایەوە :
"زۆر سوپاس . ئەو زەحمەتەی ناوێ. سەروچا دەخوێنەوە و دەڕۆین . ئاوەدانی نیزیکە. ئێوە نانی خۆتان بخۆن".
مامی جووتیار کە ئەمەی بیست پێکەنی:
"رەنگە پێتان وابێ نان و پێخۆرمان کەم لە کنە و ئەگەر ئێوە نانمان لە لا بخۆن بەشی خۆمان نامێنێتەوە. جا کوردێک لە سەر مووچە و مەزرا و تەنانەت لە بەر مەڕیش نانی ٣٠ پێشمەرگەی پێ نەبێ، بە چی کوردە؟".
هەستا و بانگی کوڕەکانی کرد:
"رۆڵە، ئەوە نوێژە. دەست هەڵ گرن. وەرن نان و چایەکەتان بخۆن . وەرن خزمەتی ئەم میوانانە بکەن".
لە بەر خۆشیەوە گوتی:
"هەرچەند پێشمەرگە میوانیش نیە".
بەراستی وەختێک نانیان دانا ، سەرم سوڕما . نان و ماست و شیرێژ و رۆنیان بەشی حەفتا کەس دانابوو، دۆی ترشی دۆدانەش لە بەر پلووسکی ئاوەکە وا سارد ببوو کەللەی پیاوی دەتەزاند. نازانم ئەو هەموو قاپ و قاچاغە و ئەو هەموو قەند و چا و ئیستیکان و ژێرپیالەیە لەوێ چیی دەکرد؟ دڵنیا بووم خەبەری زانیوە ئێمە دەچین و ناردوویە ئەو هەموو شتەی لە ماڵێ ڕا بۆ بێ. خۆم بێ ڕانەگیرا، پرسیم :
"توخوا پێم نالێی چۆنت زانیبوو ئێمە دێین ؟".
بە پێکەنینێکی پڕمانا وە سەیرێکی کردم و گوتی :

"جا ئێوه بۆخۆشتان دەتانزانی ئەمڕۆ دێینە ئێره هەتا من بزانم؟".

راستی دەکرد. سولەیمان هەتا بەیانی بە کەسی نەگوتبوو بەرەو کوێ دەچین. لەوەڕا تێ گەیشتم ئەمەش نیشانەیەکی تایبەتیی خەڵکی لادێیی کوردستانە کە هەمیشە و لە هەموو جێگایەک دەبێ ئەوەندەیان نان و پێخۆر و قەند و چا لە کن بێ، بتوانن دەیان میوانی بێ سەرێ بکەن.

دوای نان خواردن مامەپیره رووی تێ کردین:

"پرسیار عەیب نیە، پێشمەرگەی کێن؟".

سولەیمان جوابی دایەوە.

"پێشمەرگەی کوردستانین".

پێکەنی و گوتی:

"دەزانم. هەموو پێشمەرگەیەک پێشمەرگەی کوردستانە. لە کوردستان نەبێ، لە کوێ پێشمەرگە هەیە، بەڵام پێم خۆشە بزانم پێشمەرگەی چ حیزبێکن؟".

حەمە هەڵی دایە و پرسی:

"پێت خۆشە پێشمەرگەی چ حیزبێک بین؟".

بزەیەکی هاتێ و گوتی:

"جا خۆ بە پێخۆشبوونی من نیە. ئەگەر لە من دەپرسن، بە خوای نانی گەنم و دینی دینی محمەدی و حیزب حیزبی دێموکڕات. بەڵام ئێوه پێشمەرگەی هەرکەس بن، بەخێر بێن".

وەختێک زانی ئێمەش دێموکڕاتین، بەجارێک گەشایەوە. ئەوەندەی دیکە بە خۆی و کوڕەکانی بە دەورمان دا هاتن. تا فێنکی ئێوارێ لە لای ماینەوە. دوای نیوەڕۆیە کوڕەکانی مامەی جووتیار چوونەوە سەر کارەکەیان. ئێمەش چووینە سەر

کانیەکە، دەم و چاو و لاق و لەشەری خۆمان بە سابوون شوبت. گۆرەویەکانیشمان کە لە بەر ئارەق بۆنیان کردبوو، شوتمن و هەڵمان خستن. هەتا نەختێک خۆمان خاقڵاند وشک بوونەوە و لە پێمان کردنەوە. سەعات پێنج مامەی جووتیار عەسرەچاییەک و جەمێک شوتی و کالەکی دەرخوارد داین و بەڕێی کردین. تازە تێدەگەیشتم حیزبی دێموکرات چۆن ریشەی لە نێو دڵی خەڵکی کوردستان دا داکوتاوە. بەراستی لەوە کە منیش ڕێگای دێموکراتم هەڵ بژاردبوو، هەستم بە سەربەرزی و شانازی دەکرد.

* * *

***

سێ شەو بوو لە نێو شاردا بووین. هەموو رۆژێ پێش دنیا رووناک بوون دەچووینە کەمین. تا ئێوارێ (بە قەولی چرچەی رەحمەتی) راوەپاسدارێکی باشمان دەکرد. ئێوارانیش دەبووینە چەند دەستە و هەر دەستەیە لە ماڵێک دەماینەوە. لە هەموو ماڵەکان ئێشکمان دادەنا و سەری هەموو نیوسەعاتێکیش بە تەلەفون لە وەزعی یەکتر ئاگادار دەبووین. بە کردەوە شار لە دەستی پێشمەرگەدا بوو. پشتیوانیی خەڵکی شار لە پێشمەرگەش بێ وێنە بوو. هەموو ماڵێک سەنگەری پێشمەرگە بوو. هەموو کەس خەبەرهێنی پێشمەرگە بوو. هەموو کەس رێنوێنی پێشمەرگە بوو. هەموو کەس یا روغەمخۆر و پشت و پەنای پێشمەرگە بوو. کورت و کرمانجی هەموو کەس پێشمەرگە بوو.

شەوی یەکەم ئێمە هەشت کەس لە ماڵی سولەیمان بووین و شەوی دووهەم لە ماڵی حەمە. بە پێی دابی سەردەمی پێش شۆرشمان بۆ شەوی سێهەم دەبوو لە ماڵی ئێمە بین. دەم زانی سولەیمان لە رووی نایە بڵێ شەوێکیش دەچینە ماڵی مام. بۆیە

له نۆرەی خۆمدا خەبەرم بە میرزا رەحمان دا کە بۆ شەوێ لە گەڵ سولەیمان و حەمە و پێنج شەش پێشمەرگەی دیکە میوانی دەبین . لای ئێوارێ سولەیمانم تێگەیاند کە چ نەخشەیەکم کێشاوە ، بەرواڵەت نەختێک خۆی نەقایل کرد . بەڵام دەمزانی بە دڵ پێی خۆشە .

تاریکان داهاتبوو کە چووینەوە . میرزا رەحمان لە شیپانەی دەرگادا راوەستابوو . دیار بوو دەمێکە چاوەروانمانە . هەمووماني يەک يەک ماچ کرد و لە باوەشي گرتین . لە ژووری حەسارێ عیسمەت خانم و نەشمیلیش بە پیرمانەوە هاتن و بەخێرانیان کردین . هەر خوا بزانێ چەند خۆشحاڵ بوون . عیسمەت خانم نان و چێشتێکي ساز کردبوو ، بە حەیاتم نەمدیبوو . لە سەر نان خواردن کردمە پڕپڕوویی و گوتم :

"بۆیە دەڵێن خەسوو بەرەجووتن . بڕوانە ئەم نان و خوانە ، کوڕینە بخۆن . بە خۆڕایی نەیان گوتوە لە سایەی گوڵە ـ گەنمێکەوە سەد گوڵەجۆ ئاوێ دەخواتەوە " .

میرزا رەحمان زەردەیەکی هاتێ و گوتی :

"نەت بیستوە دژم بێ و کڵاش بۆ کوڕی خۆی بکا ؟ زاوای میوانە ، خۆ گاڵتە نیيە" .

عیسمەت خانم کە هەتا ئەودەم بێدەنگ بوو ، هاتە جواب :

"ئەبەڕۆ ئەوە دەڵێی چی میرزا ؟ بە خوڵای ئەو پێشمەرگانە هەموویان لە سولەیماني فەڕزترن . جا فەرقي چیە ؟ خۆ هەر کاک ئاسۆش پێی خۆشە سۆعبەتی بکا ، دەنا نانی خەجاڵەتی‌یە" .

ئەو شەوە تا سێ بەتڵ لە شەوێ جوون نەنوستین . میرزا رەحمان لە بیستنی باس و خواسی پێشمەرگە تێر نەدەبوو . هەر تاوە ناتاوێکیش دەی پرسی :

"توخوا خەبەری کاک دوکتۆرەکەمان چیە؟ خۆ شوکور ساغ و سڵامەتە؟".

هەموو جارێش عیسمەت خانم قسەکەی لە زاری وەردەگرت و دەی گوت:

"ئۆ رەبی خوا لە گەڵ ئەو پێشمەرگانە پێکیان بێڵێ حەزرەتی غەوس! لاڵ بم، داخوا چەند بێناز و بێ جێ و رێ بن؟ عەمرەکەم نەمێنێ، دەڵێن بەو پاییزە ساردەی لە چادرێ دا دەژین".

بەری بەیانی کە ئێشک گر هەڵی ئەستاندین برۆین، دیتمان نان و چا حازرە. دیار بوو عیسمەت خانم ئەو شەوەی نەنوستوە. دوای نان و چاخواردن خەریک بووین خۆمان ساز دەکرد، نەشمیل بە شەرمەوە رووی کردە حەمە:

"کاکە حەمە! دەکرێ شتێک بڵێم؟".

حەمە بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

"ئەم قسەیە چیە؟ فەرموو!".

نەشمیل تفی زاری خۆی قووت دایەوە و پچڕپچڕ دەستی پێ کرد:

"ئەمن... دەڵێم.. ئەگەر... بکرێ... ئەمڕۆ وەدەر مەکەون".

حەمە کردی بە گاڵتە:

"دێینەوە، دێینەوە. دەزانم لە قسەی سولەیمانی تێر نەبووی".

نەشمیل سەری بە لاوە نا:

"نا بە خوڵای بۆیە نالێم. بەڵام هەر دڵم دەترسێ".

سولەیمان دەستووری دا:

"ئیستا وەختی ئەم قسانە نییە. زووبن، با بڕۆین".

ماڵئاواییمان خواست و ڕۆیشتین. ڕۆژی پێشتر لە نێو پادگانەوە خەبەرمان بۆ هاتبوو کە ئەرتەش و پاسداران دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر بنکەیەکی حیزبی کە بە تازەیی لە نێو شاردا دامەزرابوو، خەبەرەکە ئەملا و ئەولای نەبوو. هەر بۆیە دەبوو خۆی بۆ ئامادە بکەین، ڕۆژی پێشتر سولەیمان نەخشەی بۆ کێشابوو. جێگای هەموو دەستەکانی دیاری کردبوو. هەموو کەس دەیزانی دەبێ لە کوێ دامەزرێ و کاری چییە. لە بەر ئەوە، پێویست نەبوو پێشمەرگەکان کۆ بکەینەوە. پێش هەتاوکەوتن بە پێی نەخشەی دیاریکراو لە ٥٠٠ میتریی پادگان هەر کەسە لە جێگای خۆی دامەزرا.

ئەو ڕۆژانە ترس هەڵگیرابوو. خەڵکی شار لە خوایان دەویست پێشمەرگە ڕوو لە گەڕەکەکانیان بکا. بۆیە پێشمەرگە لە هەر جێگایەک سەنگەری گرتبایە لە نان و چا و میوە و شیرینی پەکی نەدەکەوت. ئەو ڕۆژەش هەروا بوو. هێشتا بە تەواوی دانەمەزرابووین کە نانی گەرم و چای تازەیان بۆ هێنابین و هەر کەسە لە سەنگەری خۆی دا ناشتای کرد. بوو بە چێشتەنگاو خەبەرێک نەبوو. گەیشتە لای نیوەڕۆیە، دیسان چ باس نەبوون. کوڕەکان خەریک بوو وەشک دەکەوتن: "نەکا هاوکارەکەمان درۆی لە گەڵ کردبین؟". دووسێ کەس لە بەرپرسەکان نامەیان بۆ سولەیمان نووسی و نیگەرانیی خۆیان دەربڕی. بەڵام سولەیمان هیچ دوودڵ نەبوو، هەموویانی دڵنیا کرد کە خەبەری ئەو هاوکارەمان جێگای باوەڕە. دەستووری دا هەتا تاریک دادێ، کەس لە سەنگەری خۆی هەڵ نەستێ.

هەر لە نێو سەنگەرەکانمان دا نانی نیوەڕۆشمان خوارد.

سەعات دووی پاش نیوەڕۆیە، دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە لە
پادگان وەدەرکەوت. سولەیمان دەستووری دابوو هەتا بۆخۆی
یەکەم ئار.پی.جی نەتەقێنێ، کەس تەقە نەکا. کاتێک ئاخرین
ماشێنی ستوونی پەلاماردەران گەیشتە نێو کەمینەکە، سولەیمان
بە یەکەم مووشەکی ئار.پی.جی زرێپۆشێکی لە بەر یەک
هەڵ تەکاند. دوابەدوای ئەوە، لە هەموو سەنگەرەکانەوە
ستوونی پەلاماردەر ئاورباران کرا. دوژمن بە هیچ جۆر لەو
جێگایە چاوەڕوانی شتی وا نەبوو. بۆیە بەجارێک سەری لێ
شێوا. بەکرێگیراوان روویان لە هەر لایەک دەکرد، ئاوری
بێئەمانی پێشمەرگە پێشوازیی لێ دەکردن. داروبەرد لە
دوژمن ببوو بە پێشمەرگە. جەنازەی کۆنەپەرستان وەک گەڵا-
ڕێزانی پاییز دەکەوتنە سەر زەوی. خەڵکیش بێپەروا سەریان
لە پەنجەران وەدەرنابوو، سەیری شەڕەکەیان دەکرد و
"دەست خۆش"یان بە پێشمەرگە دەگوت.

سەعات چوار سالە ئار.پی.جی بریندار بوو. تیمی بریندار
ڕاگوێزتن دەستوبرد بە نێو ئاوربارانی دوژمن دا گەیاندیە
نەخۆشخانەی شار. بە خۆشییەوە برینەکەی سووک بوو. پاش
پانسمان کردن سواری جیبێکی دەسکەوتیان کرد و لە گەڵ
دوو پێشمەرگە ناردیانە دەر.

لای سەعات پێنج و نیو ستوونی پەلاماردەر دەستی لە جێبەجێ
بوونی نەخشەکەی شوت. ئێستا تەنیا لە هەوڵی گەڕانەوە بۆ
پادگان دابوو. ئامانجی هەرەگەورەی، رزگارکردنی گیانی
ئەو بەکرێگیراوانە بوو کە هەتا ئەودەم نەکوژرابوون.
سولەیمان کە باش لە نیازی دوژمن گەیشتبوو، دەستووری دا
ئەمانیان نەدەین و هەتا نێو پادگان راویان نێین. بەڕاستی

دوژمن شپرزە بوو، بە دەیان کوژراوی لە شەقام و کۆڵانەکاندا بەجێ هێشتبوو. کۆنەپەرستان بە قوونەشەڕ بەرەو پادگان هەڵ دەهاتن و پێشمەرگەش بە دوادەسڕێژەکانی بەڕێی دەکردن.

حەیفێک و هەزار مخابن، پێشمەرگە دوژمن زۆر بە کەم دەگرێ. لەو ڕێگایەشەوە زۆر جار زەبری لێ دەدرێ. سولەیمان لە جێی خۆی هەستا و هەڵمەتی برد. دوو دەستە لە پێشمەرگەکانیش بە دوایدا. دەیان ویست پێشەوبڕ لە دوژمن بدەنەوە و لای پادگانیشی لێ بگرن. بۆ دوژمن ئێستا شەڕی مان و نەمان بوو. بۆیە لەشکری تێک شکاو وەک ورچی بریندار بای دایەوە و لە دەسڕێژێکی گەرمدا سێ کەسی لێ خستن. هاوڕێکانی دیکە سەر لە نوێ سەنگەریان گرتەوە و لە هەموو لایەکەوە دوژمنیان داگرت. سەرەنجام هێزی پەلاماردەر بە شێرێوی خۆی گەیاندەوە پادگان.

کاتێک وەسەریەک کەوتینەوە، دیتمان یەکێک لە بریندارەکان سولەیمانە. برینی دوو هاوڕێیەکەی دیکە سووک بوو، بەڵام ڕەگباری ژ-٣ ڕانی ڕاستی سولەیمانی بەتەواوی لە بەر یەک هەڵ تەکاندبوو. حەمە چکۆڵ سولەیمانی کەڵەگەت و چوارشانەی لە کۆڵ کرد و ژ-٣یەکەی خۆی و کەلاشینکۆفەکەی سولەیمانیشی بەدەستەوە گرت، تا گەیاندیە تیمی بریندار ڕاگوێزتن. بریندارەکانمان گەیاندە نەخۆشخانە، برینی کوڕەکانی دیکەیان پانسمان کرد. بەڵام دوکتۆر گوتی سولەیمان دەبێ عەمەل بکرێ.

لە چوار دەوری نەخۆشخانە سەنگەرمان گرت و هەموو شەقامەکانی دەوری نەخۆشخانەشمان بەست. سەعات ٥/٣ی پاش نیوەشەو سولەیمانیان لە ژووری عەمەلیات هێنایە دەر. هێشتا

بێهۆش بوو. دوکتۆر گوتی:

"ئەوەی لە دەستی ئێمە هات، کردمان. بەڵام ئەوی راست بێ زوو نەگاتە مەرکەزێکی تەیارتر... ئێستاش هەر بە ئامبولانسەکە رای گوێزن. نەوەکا دوژمن پێ بزانێ و هێرشمان بکاتە سەر. دوایە وەک خۆمان لێ نایەتەوە".

لە نەخۆشخانە هاتینە دەر و سولەیمانی هاوڕێ و دۆست و مامۆستا و فەرماندەرمان بە برانکاردەوە لە نێو ئامبولانس دا دانا. دەمان ویست لە شار بڕۆینە دەر، بەڵام حەمە رووی لە کوڕەکان کرد و گوتی:

"براینە ئێوە بریندارەکانی دیکە لە شار بەرنە دەر، ئەمن سولەیمانی دەبەمەوە ماڵی خۆمان. ئەمشۆ هیچ ناکرێ. بەڵام بەڵکوو بەیانی وەسیلەیەکی بۆ رێک خەم و بینێرمە تاران".

دیتمان قسەکەی حیسابییە. من و دە پێشمەرگەی دیکە لە گەڵی ماینەوە. پێشمەرگەکانمان لە ماڵەکانی دەوروبەر دامەزراند و من و حەمەش سولەیمانمان بردەوە ماڵێ و خەواندمان. سەعات پێنجی بەیانی هاتەوە هۆش خۆی. رەنگ مانابێ، بە بەریەوە نەمابوو. برینەکەی زۆری خوێن لە بەر رۆیشتبوو. بەو حالەش زۆر بەورە بوو. یەکەم قسەی پرسیار لە وەزعی بریندارەکان بوو. دڵنیامان کرد کە باشن و ناردوومانن دەرەوەی شار. دوایە هەواڵی یەک یەکی پێشمەرگەکانی پرسی. کاتێک زانی کەسمان شەهید نەبووە، زۆر خۆشحاڵ بوو.

داوای کاغەز و قەڵەمی کرد. هەرچەند پزیشکیارەکەمان گوتی لەم وەزعەدا نابێ خۆی ماندوو بکا و شت بنووسێ، قبووڵی نەکرد. رووی تێ کردین و گوتی:

"راستتان پێ بڵێم ئەمن بەم برینداریە دەچم. بۆیە

دەمەوێ نامەیەک بۆ بابم بنووسم ".
حەمە گوتی :
"بەیانی لە دوای بابت دەنێرین ".
گوتی :
"نابێ. نامەوێ بابم لەم حاڵەدا بم بینێ".
گوتمان :
"باشە، چیت دەوێ ئێمە بۆت دەنووسین ".
قبوولی نەکرد :
" دەمەوێ نامەی خواحافیزی لە بابم بە خەتی خۆم بنووسم. با نەڵێ کوڕەکەم لە مردن ترساوە و دەستی قەڵەمی نەگرتوە ".
بە ناچار قەڵەم و کاغەزمان بۆ هێنا، سولەیمان پاڵی وەسەرینەکەی پاڵ پشتی دا و نووسی :
"بابەگیان ! دەستەکانی تۆ و دایکم ماچ دەکەم . خەجاڵەتم کە بوومە مایەی دڵ بەخەمی و تازیەبارێتان .بەڵام شانازیسم ئەوەیە لە ڕێی پیاوەتی دا ڕۆیشتووم . توخوا بابە بۆم مەگرین . حەز ناکەم خۆشتان بە وەجاخ کوێر بزانن . ئێوە تا چەند مانگ پێش ئیستا تاقە کوڕێکتان هەبوو. ئێستا هەزاران کوڕتان هەیە . هەموو پێشمەرگەکان برای من و کوڕی ئێوەن. زۆرت ئاگا لە دایکم بێ. بابەگیان ! گەردنم ئازاکەن . ئەم سەفەرەم یەکجارییە . بژی حیزب و سەرکەوێ شۆرش ".

" کوڕی خۆتان سولەیمان "

پاشانیش ئەم چەند دێڕەی بۆ نەشمیل نووسی :
" نەشمیل گیان ! ئامۆزای شیرینم ! بە خۆڕایی دڵت نەدەترسا . سولەیمانت ڕۆیشت . دەمەویست لە دواهەنای

ژیانم دا چاوم لە چاوت بێ . بەڵام هەرچی کردم لە خەوم ڕانەدی فرمێسک بە چاوانتەوە ببینم . بۆیە بەدوام دا نەناردی . لێت وەسیەت بێ بۆم مەگری . گەردنت ئازا نەبێ ئەگەر مێردی نەکەیەوە . پێم خۆشە مێرد بە پێشمەرگە بکەی . داوەتەکەشتان هەروەک بۆخۆت گوتت لە سەر گۆڕی داگیرکەران بگرن . یەکەم کوڕیشتان بە ناوی من بکەنەوە . دەستی مامم و ئامۆژنم ماچ دەکەم . نەشمیل گیان ! ئەتۆ هەمیشە ئازا و بەجەرگ بووی . هیوادارم لێرەش دا هەروا بەجەرگ بی ".

" بۆ دواجار ، ئامۆزای بەمرادنەگەیشتووت "

پاش نووسینی نامەکانی داوای کرد درێژی کەین . لە سەرەخۆ دریژمان کردەوە و دەستی بە قسان کرد :

"ئێوەش ئەمم بۆ دامەگرن . ئەو ڕۆژەی چەکم هەڵگرت ، ئەمرۆم لە بەرچاو بوو . خوشحاڵم کە مەرگی هیچ کام لە پێشمەرگەکانم نەدی . ڕێگاکەم بە ئێوە دەسپێرم . نەچن خوێنم ون بکەن . پیاو بن و تۆڵەم بستێنن . ها ، لێتان تێک نەچێ ، تولەی شەهیدان پاسدارکوشتن نیە . ئەگەر خودموختاریتان وەرگرت ، وەرنە سەر گلکۆکەم و بڵێن مزگێنی خوێنمان ئەستاندی . ئەمەیە تۆڵەی خوێنی شەهیدان . هەموو پێشمەرگەکانم بۆ ماچ کەن . هەمووشتان گەردنم ئازا بکەن . بژی حیزبی دیموکرات . نیشاندەری . . . ڕێبەری . . بات ".

بە دوای ئەم قسانەدا بۆ هەمیشە چاوی لە سەر یەک دانان .

شەهیدبوونی سولەیمان بۆ هەموومان کۆستێکی گەورە بوو . لەوەش زیاتر ، بۆ شۆڕشەکەمان کەلێنێکی گەورەی هەبوو . بەڵام لە هەمووان زیاتر پشتی حەمەی پێ شکا بوو . حەمە حەبەسا بوو .

فرمێسکی نەدەهات . قسەی بۆ نەدەکرا . هەر ئەوەندەی بە زماندا هات : "بریا من بام، بریا من بام". بە هەمووانمان دڵ خۆشیمان دەدایەوە، سوودی نەبوو. ئەیۆل ناشووتی لێ دا :

" حەمە کار لە پیاوان دەقەومێ . ئەم ڕێگایە لە پێش هەموومانە . لە منت نەکەوێ یا خوا . بۆخۆی چی پێ گوتین ؟ "پیاوین و تۆڵەم بستێنن". ئێستا بڵێ بزانم، لێرە ی بنێژین ، یان بیبەینە گۆڕستانی شەهیدان ؟" .

حەمە وەزمان هاتەوە :

" تۆخوا سەرکۆنەم مەکەن. نازانن چ قەڵاتێکم لێ رووخاوە! ئێوە فەرماندەرتان شەهید بووە . بەڵام ئەمن هەموو ژیانم لە دەست چووە . سولەیمان بۆ من هەموو شتێک بوو. نابێ لێرەی بنێژین . لە بیرتان نییە کە داوای دەکرد لە هەر کوێیەک شەهید بێ، تەرمەکەی بەرنەوە گۆڕستانی شەهیدان ؟" .

بڕیارمان دا لە بەر دڵی میرزا حەسەن و میرزا رەحمان کەس نەڵێ سولەیمان لە ماڵێ حەمەی مردوە ، هەموو پێشمەرگەکانیشمان تێگەیاند. لە لای هەموو کەس هەر دەمان گوت : پاش عەمەل کردن لە شارمان بردۆتە دەر و لە مزگەوتەکەی گوندی (ک) تەواو بووە .

خەبەری شەهیدبوونی سولەیمان وەک تۆپ لە ناوچەدا دەنگی دابەوە. نازانم ئەو هەموو خەڵکە کوێرا و چۆن وەخڕ بوون . هەر بەیانیی زووش خەبەرمان بە میرزا حەسەن و وان دا. نامە ـ کانی سولەیمانیشمان بۆ بابی و نەشمیل بەڕێ کرد. هەموویان لە سەر گڵکۆی سولەیمان حازر بوون . میرزا حەسەن شێرە پیاوێک بوو، باسی ناکرێ. هیچ کەس فرمێسکی بە چاوەوە نەدی، کاتێک لە سەر گڵکۆی سولەیمان قسەی بۆ خەڵک کرد، زیاتر لە

سێ هەزار کەس بە تەشیری قسەکانی دەگریان . کەچی ئەو دڵ خۆشیی دەدانەوە :

"خزمینە ، براینە ! ئازادی نرخی گرانە ، ئەگەر کوڕی من و کوڕی تۆ و کوڕی ئەوی دیکە شەهید نەبێ، کێ بەخێرا خۆی ئازادیمان دەداتێ؟ پێشینان گوتوویانە : "هەق دەستێندرێ ، نادرێ". بەش بە حاڵی خۆم شانازی دەکەم کە سولەیمان لەو ڕێگایەدا سەری داناوە . ئەو هەموو خەڵکە بۆ لە سەر قەبری کوڕی من کۆ بوونەوە ؟ئەگەر پێشمەرگە نەبایە و لە ڕێی ئازادی دا شەهید نەبوایە، وا بە حورمەتەوە دەنێژرا ؟ پێشمەرگەکان خۆش بن ، حیزبەکەمان خۆش بێ ".

نەشمیلیش هەروا بەجەرگ بوو. هەر ئەوەندەی گوت :

" سولەیمان، بۆ وات کرد؟ نەم گوت دڵم دەترسێ؟ نەم گوت ئەمڕۆ وەدەر مەکەون ؟ بۆ بە قسەت نەکردم سولەیمان؟ باشە ، بۆت ناگریم. وەسیەتەکەت لە سەر چاوان . ئەتۆ بە قسەی منت نەکرد، ئەمن بە قسەی تۆ دەکەم . شانازیت پێوە دەکەم سولەیمان گیان ! ئامۆزاگیان ! بەخوای دیاربوو ئەمشەمە ــ کوێرەکان دەیانزانی تیشکی تەمەنی تۆ کوژاوەتەوە. بۆیە ئەمڕۆ بەیانی سەریان وەدەر نابوو. دەبوو هەر بەوەی ڕا بزانم کە ئامۆزام شەهید بووە ".

بەڵام ئای کە ماپەرەخانم چی دەکرد؟ بەراستی دڵی بەردی بۆ دەبوو بە ئاو. هەر خۆی بە سەر تەرمی سولەیمان دا دێنا و دەی گوت :

" کوڕە خێرنەدیوەکەم، گوڵە هەڵوەریوەکەم ! کوڕە جوانە ــ مەرگەکەم، کفن بەبەرگەکەم ! کوڕە قارەمانەکەم ! شێری زەمانەکەم ! لە بەر دەزگیرانی گۆستکەوتووت مرم ڕۆڵەگیان !

بە قوربانی پێشمەرگەکانت بم فەرماندەگیان".

هەرکەس گوێی لە دەنگی بووایە، خۆی پێ ڕانەدەگیرا و دەگریا. پێشمەرگەکانیش بەڕیز وێستابوون و ئارام و مەتین وەک دەنکی مرواری فرمێسکیان هەڵ دەوەراند. پێشمەرگەیەکی منداڵکار خۆی بە سەر دەستی ماپەرەخانم دادا. دەستی ماچ کرد و گوتی:

"دایەگیان! تۆخوا بەسە. من بە کوڕی خۆت قبووڵ کە. ئەم پێشمەرگانە هەموو کوڕی تۆن".

ماپەرەخانم گ تی و لاچاوی ماچ کرد:

"ڕۆڵە شوکرانە بە نێو چاوانی تۆ و پێشمەرگەکان. خوایە هەرگیز ڕەبێشتان کەوێ. ڕەبی خوا بە دایکی خۆتان بێڵێ".

هەر لە سەر گڵکۆی شەهید سولەیمان فەرماندەرێکی تازە بۆ ئێمە دیاری کرا. فەرماندەر حەمەی بانگ کردە لای خۆی و تەختێک دڵ خۆشی دایەوە:

"حەمەگیان! ئەوەندە[illegible] خۆ. ئەمن هومێدم بە تۆیە جێگای سولەیمانی [illegible] ئێمە تازیە بۆ شەهیدان داناگرین. گرنگ ئەوەیە [illegible] ڕێگایان بەر نەدەین و ئاواتیان وەدی بێنین. گریان و ماتەمداگرتن شێوەی بێدەسەڵات و دەستەوستانانە. ئێمە کە ئامادەین لە ڕێی ئامانجمان دا بمرین، دەستەوسنان نین. دروشمی ئێمە هەر ئەمەیە "یان سەردانان، یان سەرکەوتن". بۆ ئەوەی تفەنگی شەهید سولەیمان تاقە ڕۆژێکیش لە عەرزی نەبێ، کەلاشینکۆفەکەی دەدەم بە تۆ".

هەر لە جێدا هەستی تۆڵەئەستاندن لە دڵی حەمەدا گڕی گرتبوو. ئەم دڵ خۆشیدانەوەیەش هێندەی دیکە هانی دا. لەو ڕۆژەوە حەمە ئەو حەمە نەما. حەجمین و هەدادانی نەبوو. لە

هیچ شتێک نەدەپرینگایەوە . زۆرجار لە سەر بێموبالاتیی لە لایەن فەرماندەری دەستەکەمانەوە سەرکۆنە کرا . حەمە دەیگوت :

" خۆ دەزانم ئەگەر تۆوی پاسدار لە سەر ئەم دنیایە نەهێڵم ، هێشتا خوێنی سولەیمان نیە . بەڵام هەر دەمەوێ ئارامیان لێ هەڵگرم . دەمەوێ شەو و رۆژ چاوەڕوانی مردن بن . دەمەوێ لە سێبەری خۆشیان بترسن . نابێ بتوانن سەروەدەربێنن . نابێ هەست بکەن کە سولەیمان نەماوە . دەبێ نەهێڵم ئاویشیان بە رەحەتی لە گەرووی بچێتە خوار " .

کەمکەم هەموو شارەکان کەوتنەوە دەستی پێشمەرگە . بەکرێگیراوانی رژێم لە کونەمشکەکانیان خزینەوە . دووبارە دەسەڵات کەوتەوە دەستی خەڵک . خومەینی کە ئەوەی زانی داوای رێککەوتنی کرد . تەقە راگیرا و دەورانی وتووێژ دەست پێکرا . بنکەکانی حیزب لە نێو شارەکان دامەزرانەوە . بەڵام دوژمن جێی باوەر نەبوو . بۆیە حیزب بریاری دا پێشمەرگە جیاکان بەرنەدا . نەک هەر ئەوە ، خەریکی مەشق و فێربوونی شتی تازەش بێ . حیزب دەیگوت : "هەتا کاتێک دیموکراسی لە وڵات دا جێگیر نەبووە ، خودموختاری وەریش بگیرێ ، هەمیشە لە مەترسی دایە و تەنیا زامنی پاراستنی ، هێزی چەکداری پێشمەرگەیە " . دەستەکەی ئێمە لە دە کیلۆمیتریی شار جێگیر بوو . رۆژ بە رۆژ ژمارەی پێشمەرگەکان زیادی دەکرد . هەر لاوی بەهەست و خوێن گەرم بوو ناونووسیی دەکرد و رەوانەی فێرگە . دەکرا .

هەموو پێشمەرگەکان بە نۆرە دەچوونەوە نێو شار . ئەوانەی خەڵکی شار بوون ، سەری کەس و کاریان دەدا و ئەواشی دیکەش پێویستییەکانیان دەکری و دەهاتنەوە . بەڵام من و حەمە

چاومان بەرایی نەدەدا بچینەوە شار. بیرمان لەوە دەکردەوە چۆن لە گەڵ میرزا حەسەن بەرەورووو بین ؟ چۆن تەماشای چاوی میرزا رەحمان بکەین ؟ جوابی ماپەرەخانم چ بدەینەوە و چ بە نەشمیل بلێین ؟ سەرەنجام دوای ئەوەی هەموان نامە و راسپاردەیان بۆ ناردین و گلەییان لێ کردین، دڵدانمان بە جەرگی خۆمان داگرت و ـ چاکم لەبیرە ـ رۆژی ١٥ی یانەمەڕ بوو کە بۆ یەکەم جار چووینەوە نێوشار.

یەکەم جێگا کە دەبوو بچین، ماڵی میرزا حەسەن بوو. هەر لە بیری ئەوەدا بووم کە چۆن لە گەڵی رووبەڕوو بم. بیرم دەکردەوە کە وەختێک چاوی بە ئێمە دەکەوێ، دەڵێ: "ئەدی سولەیمانتان بۆ لە گەڵ نیە" و لە پرمەی گریانی دەدا، گریانی بابێکی تاقانەکوژراو. جا کورم دەوێ خۆی بۆ راگرێ و دڵی نەبێ بە ئاو. کەچی راست بە پێچەوانە بوو. میرزا حەسەن کە خەبەری ئێمەی زانیبوو، لە دەرکی حەسارێ چاوەڕێمان بوو، بەرگێکی جوانی لە بەردا بوو. شاد و بەکەیف و دەم بە پێکەنین، لە دوورەوە باوەشی بۆ کردینەوە. هەر دووکمانی ماچ کرد و هاواری کرد :

"ماپەرە! کورەکان گەیشتنە جێ".

ماپەرەخانمیش هەروا بە رووخۆشی بە پیرمانەوە هات. ئەویش ماچی کردین و دەم بە پێکەنین وەپێشمان کەوت. پاش ئەوەی شەربەتێکمان خواردەوە، میرزا حەسەن بە پێکەنینەوە پرسی :

"دەی کورینە! ئەوە بۆچی گەسکی ماڵی ئێمەتان دزیوە ؟ باب و فرزەندایەتی وا دەبێ ؟".

حەمە بە بیستنی ئەم قسەیە لە پرمەی گریانی دا. بەڵام

میرزا حەسەن دیسان دڵ خۆشیی دایەوە :

"هەی لە منت نەکەوێ حەمە ! رۆڵەگیان، ئێوە هەرکامتسان بۆ من سولەیمانێکن ".

دووسێ رۆژێک لە شار مابێندوە و سەری هەموو ماڵەکانمانیدا، نەشمیل و میرزا رەحمان و عیسمەت خانمیش هەروا بەورە بوون، هەمووان دڵ خۆشیان دەدایێنەوە . دیار بوو وەسیەتەکەی سولەیمان کاری خۆی کردوە . نەشمیل وەک کچەکوردێکی قارەمان بەرگی تازیەی فڕێ دابوو، ئەو دەی ویست بۆخۆی نموونەی خۆڕاگری و ئازایەتی بێ ، یەک بە یەک بە ماڵە شەهیدەکانەوە دەگەڕا و دڵ خۆشیی دەدانەوە . کەسێکی ناشارەزا با ، رەنگ بوو بڵێ:"دادم بۆخۆی هیچ کوێی دەجەرگی نیین". بەراستی نەشمیل رەمزی ئازایەتی بوو .

جاروبار دەچووینەوە نێو شار و هەموو جارێش سەری ماڵی میرزا حەسەن و میرزا رەحمانمان دەدا . جارێکیان میرزا رەحمان من و حەمەی بانگ کردە ژوورێکی چۆڵ و دەستی پێ کرد :

"حەمە کورم ! هەتا ئێستا چەند کەس داوای ئەو کچەیان کردوە . هەرچەندی لە بەری دا شل و کول بووم، بۆ هیچ کەس رەزایەت نادا ، وا بزانم مەسەلە وەسیەتەکەی سولەیمانی رەحمەتییە ، دەیەوێ مێرد بە پێشمەرگە بکاتەوە . ئێستاش کوڕی خۆم ! کاک ئاسۆش هەر ئی خۆمانە . پاروو لە زاری بکەوێ، بۆ کۆشێ چاکە . با نەشمیل بۆ خەڵکی دیکە نەبێ ".

حەمە بە بیستنی ئەم قسەیە لە شەرمان هەر ئەوەندە بوو نەبوو بە دڵۆپەئاوێک و بە عەرزی دا نەچۆخوار، ئاخر ئەوەی قەت بە بیریشی دا نەهاتبوو، ئەو مەسەلەیە بوو، بۆیە بە جارێک نوتقی بەسترا و سەری داخست . میرزا رەحمان گوتی :

"ڕۆڵە شەرمێ مەکە. ئەگەر پێی ڕازی نی، دەنگێ بکـــــە، ئەگەر پێیشت باشە ، ئەمن کچی خۆم لە تۆ باشتر نادەم".

حەمە دیسان زمانی نەگەڕا. بەلام کاتێک میرزا ڕەحمـــان دووبارە قسەکەی لێ تابیلا کردەوە، بە شەرمەوە هاتە جـواب و گوتی :

"چۆنێکی تۆ بفەرمووی با وابێ".

چووبنە ژووری میوانان. وا دیاربوو میرزا ڕەحمـــــان عیسمەتخانمیشی دواندوە. بەڵام نەشمیل لە هەموو شتێـــک بێخەبەر بوو. بابی بانگی کرد. نەشمیل هاتە ژووری ووو بـە ڕووی میرزا ڕەحمان ڕاوەستا :

"فەرموو بابەگیان !".

میرزا کەڵاشینکۆفەکەی حەمەی نیشان دا :

"ئەو تفەنگەی دەناسیەوە؟".

نەشمیل بە دەنگێکی نەرم و تێکەڵ بە شەرم گوتی :

"تفەنگی سولەیمانی شەهید نیە؟".

میرزا ڕەحمان :

"بەلێ،خوبەتی. حیزب کەڵاشینکۆفەکەی سولەیمانی خـــەڵات کردوە . ئەگەر تۆ ڕازی بی، منیش دەمەوێ خەڵاتی بکەم ".

شەرمێکی کچانە نەشمیلی داگرت . سەری داخست و چـــۆوە ژووری نێوماڵێ. میرزا بانگی کردەوە :

"وەرە کچم ! شەرمی بێ ناوی . حەمەش ئی خۆمانە . خـــۆ بێگانە نیە . ڕۆڵە خزمایەتی لە گەڵ مردووان ناگیـــرێ . هەموو کچێک دەبێ مێردی بکا و هەموو کوڕێکیش دەبێ ژنێ بێنێ. ئەگەر بە قسەی بابی خۆت بێ، ئەتۆ و حەمە بۆ یەکتر باشن . ئێستا بلێ بزانم تۆ پێت چۆنە؟ ".

نەشمیل گوتی :

"بابەگیان ! ئەم قسانە بۆ من زۆر زوون ، بەلام مادام تۆ پێت باشە ، قسەت ناشکێنم ، بە شەرتێک حەمەش وەک سولەیمان پیاو بێ و بۆ زەماوەندیش پەلەم لێ نەکا ".

لێرەدا حەمە هاتە جواب :

"ئەمن بە خاکی سەر قەبرەکەی سولەیمانیش نابم. بەلام بۆ مەسەلەی زەماوەندکردن ، هەموو شتێک بە دەست خاڵ میرزایە، خاڵم دەسەلاتی سەری منیشی هەیە ".

بۆ سبەی شەو میرزا حەسەن و ماپەرەخانیش هاتنە ماڵی میرزا رەحمان. حەمە دەستی میرزا حەسەن و میرزا رەحمانی ماچ کرد. ئەوانیش لاچاویان ماچ کرد و بە کوڕی خۆیان قبووڵ کرد.

* * *

***

ئاخر و ئۆخری هاوینی ١٣٥٩ بوو. ڕێژیمی خومەینـــــــی شارەکانی کوردستانی دابۆوە بەر پەلامار. حیزب بڕیاری دابـوو کادروپێشمەرگەی ئاشکرا لە شارەکان وەدەر بکەون. ئەوانـەی لە شار بوون، بەرەبەرە وەدەر کەوتن و ئەوانەی لە دەرەوەی شارەکانیش بوون، دواسەفەری نێوشاریان دەکرد. من و حەمـەش دواجارمان بوو کە دەچووینەوە نێوشار. لە ڕێگا بە حەمـــە زۆر پەرێشان دیار بوو. وەک ئەوە دەچوو شتێکی لە دڵ دابێ و نەتوانێ بیدرکێنێ. تا گەیشتینە نێوشار، زۆر بە کەمی قسەی کرد. شەوێ لە ماڵی ئێمە بووین. بەیانی بۆ خواحافیـــزی چووینە ماڵی میرزاحەسەن و دوایەش ماڵی میرزارەحمـــان. ئەشمیل وەک هەمیشە بە ڕووخۆشی بە پیرمانەوە هات. میــرزاو عیسمەت خانمیش زۆر گەرم وەریان گرتین.

دوای دانیشتن و بەخێرهێنان عیسمەت خانم ڕووی تێکردین:

"ڕەنگە بۆ ماڵ ئاوایی هاتبن. ڕەبی خوا کوێری کـــا، خومەینی. دیسان خەلکی هەلوەدا کردەوە. پارەکە گوتمـــان

لێی گەڕێ بە شەپی پێشمەرگان ئاقڵ بووە. کەچی سەر لە نوێ لێمان تێ هەڵچۆوە و شەڕەکەی هەڵ گیرساندەوە. بۆیە دەڵێ تۆبەی گورگ مەرگە . هەر خوا بکا، مەولوودی پێغەمبەری ساغ و سڵامەت بن . دووریەکە قەیدیێ ناکا. ئیشەڵڵا خوا دەوامی نادا. سەی هار چل شەوی عومرە . ئیشەڵڵا زوو دێتەوە . حەزرەتی غەوس ئاگادارتان بێ رۆڵە . رەبی خوا دەستتان لە عومری گرێ. رەبی چاوی دوژمنتان کوێر بێ ".

لە دەرفەتێک دا کە میرزا چووبووە مزگەوت و عیسمەت خانمیش لە ئاشپەزخانە بوو، رووم کردە نەشمیل و گوتم :

"دادەگیان ! ئێمە ئەمشەو وەدەر دەکەوین . بەم زووانەش رەنگە هاتنەوەمان نەکرێ . ئەگەر کارێک ، بارێکت هەیە بڵێ".

نەشمیل لە سەر تاقەیەک دوو جووت گۆرەویی هێنا و لە پێشی دانایین :

"ئەمانە هەڵ گرن. ئیشەڵڵا زوو زەنگاڵ و دەستەوانە و سەرکڵاویشتان بۆ دەچنم و بۆتان دەنێرم ".

حەمە جووتێک لە گۆرەوییەکانی لە پێش من دانا و ئەوانی دیکەشی بۆ نەشمیل راداشت :

"ئەوانەی من جارێ هەڵ گرە ".

نەشمیل وەک بەرق لێی دابێ، راچەنی :

"یانی چی؟ چما کاک ئاسۆ نەی گوت ئەمشەو دەڕۆن ؟".

حەمە کەوتە مینگە مینگ :

"راستە ، بەڵام...ئاخر...ئەدی...ئەتۆ...".

نەشمیل تێگەیشت حەمە مەبەستی چیە . نەی هێشت لە سەری بڕوا . قورس و قایم لە پێشی راوەستا و گوتی :

"گوێت لێ بێ حەمە ! رۆژی هەوەڵێ ئەمن ئاشقی بەژن و باڵا

و چاو و برۆی تۆ نەبووم . ئەمن مێردم بە بیروباوەڕ و دەست و تفەنگت کردوە . بە سەری ئەو باب و مامانەم و بە گــۆڕی ئەو شەهیدانەش،فکری دامەزرانەوە لە سەوت دەرنەکەی، ببیــە بارانێ پەلەی بە سەر شانی من دانابە خوارێ. یا خوا مەبارەک نەبێ . وەڵڵا بابە تەواومان کرد. ئاوامان تۆڵەی شەهیــدان بۆ دەستێنی؟ ئاوامان خودموختاری بۆ وەردەگری؟ ئاخ چ بکـەم. دەستی ئەو باب و مامانەم شکاوە . دەنا تفەنگەکەم لــــێ وەردەگرتی و ئەو بارەم لە سەر شانی هەڵ دەگرتی ".

حەمە خواخوای بوو وەک خۆی لێ بێتەوە. سوێندی خوارد کــە مەبەستی ئەوە نەبووە بیبەوێ لە شار وەمێنێ. هەر ویستوویەتی هەوای زاری نەشمیل بزانێ .

نەشمیل دووبارە رووی تێ کردەوە :

"ئەم قسانە بە هیچ ناچن . ئەتۆ بۆخۆت پیاو بە، غەمــــی مفت نەبێ . حەمە ! ئەگەر پیاو بی و رێبازی شەهیدان بــەر نەدەی ، دڵنیابە هێز لە دنیادا نیە لێکمان بکا . بــــە مردوویی ئی کڵێم و بە زیندوویش ئی تۆ. ئەگەریش نــــــا ، شەراب جۆن لە شێخان حەرامە ، ئاوات لە خۆم حەرام دەکەم ".

حەمە لە سەر دەستی نەشمیل تۆبەی کرد کە جارێکی دیکــە شتی وای بە زاری دا نەیە :

"شەرت بێ بە شەرتی پیاوان، مەگەر تەرمەکەم بێننەوە بەر دەستی خومەینی، دەنا تا ماوم سەر بۆ هیچ زوردارێک نـــەوی نەکەم ".

نانی نیوەڕۆیەمان لە گەڵ میرزارەحمان خوارد و مــــاڵ ـ ئاوایمان لێ خواستن . هەتا ئێوارێ سەری چەند دۆســـت و برادەرمان دا و خواحافیزیمان لێ کردن . بۆ ئەوێش چووینەوە

ماڵی حەمە و دوای نان خواردن لە شار وەدەرکەوتین . لە ڕێگایە حەمە هەر دەستی خۆی دەشکاندەوە کە بۆچی فکری وای کردوە . دووسێ جار دەی پرسی :

"ئاسۆ ! تۆ بڵێی نەشمیل لە دڵی دەرچووبێ ؟ ".

منیش لە جواب دا دەم گوت :

"بە دەست خۆتە . ئەگەر ئەو فکرە لە سەرت بەر بدەر ، ئەویش لە گەڵت ئاشت دەبێتەوە . ئەگینا نەشمیل گاڵتەی نازانێ ".

* * *

*
**
***

من و حەمە لێک هەڵ بڕاین . ئەو هەر لە ناوچەی خۆمان مایەوە ، بەڵام من دوور کەوتمەوە. جاروبار بە نامە ئاگاداری وەزعی یەکتر دەبووین . زۆر جاریش خەبەری قارەمانەتییەکانی حەمەم لە برایانی پێشمەرگە دەبیست . جگە لەوەش ، رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران زۆر جار خەبەری عەمەلیاتی لکەکەی حەمەی بڵاو دەکردەوە ، کە دەمزانی بۆخۆی نەخشی کاریگەری تێیان دا هەیە .

ئاخر جار کە من و حەمە یەکترمان دیتەوە پاییزی ساڵی ١٣٦٤ بوو ، هەردووکمان بۆ کاری حیزبی چووبووینە دەفتەری سیاسی . بەراستی دەرفەتێکی باش بوو ، چەندین سەعات و بگرە چەند رۆژ پێکەوە دانیشتین و رابردوومان وەرد دایەوە . شەڕەکانی نێوشار ، داستانی شەهیدبوونی سولەیمان ، بزۆزی و ئاڵۆزییەکەی حەمە ، میوانداریەکەی ماڵی میرزا رەحمان و زۆر بیرەوەریی تاڵ و شیرنی دیکەمان بۆ یەکتر باس کردەوە ، حەمە داستانی زۆر عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی هێزەکەیانی بۆ من

گیڕابیەوە و منیش ئەوەی لەو چەند ساڵەدا بەرچاوم کەوتبوو، بۆم باس کرد .

دەمزانی حەمە چاوەڕێی پرسیارێکە . بەڵام هەروەک بمەوێ ئەزیەتی بکەم، بە ئەنقەست خۆم لێ دەبوارد. ئاخرییەکەی دڵم تاقەتی نەگرت و پرسیم :

"باشە ، خەبەری نەشمیل چییە ؟ ئێستا نێوانەکەتان چۆنە ؟".

حەمە پێکەنی :

"هەی لامەسەب ! ئەدی بۆ چەند رۆژە خوت نەشارەزا کردوە ؟ هەر دەڵێی قەت نەت زانیوە دەزگیرانیشم هەیە ".

دەستی بە گیرفانی دا کرد و نامەیەکی نەشمیلی دەرهێنا :

"ها ، بیخوێنەوە . بزانە لە گەڵم ئاشت بۆتەوە یان نا؟ دەزانی ئاسۆ، تا ئێستا نامەیەکی بۆ نەنووسیوم کە ناوی تۆی تێدا نەبێ و ئەحواڵت نەپرسێ ؟".

نامەکەم خوێندەوە . زۆر شتی باس کردبوو. زۆر ئاگاداریی بە کەلکی دابوون بە حەمە . بەڵام ئەو بەشەی زیاتر لە هەمووی سەرنجی راکێشام کە نووسیبووی :

"حەمەگیان ! ئێستاش لە سەر دڵم بۆتە گری کە رۆژی خواحافیزییەکە خۆم لێ تووڕە کردی . دەزانم ئەتۆ کوڕی بەزین و تەسلیمبوون نەبووی . بەڵام قسەکەت وای دەگەیاند، خەتای خۆت بوو. باشە، ئەتۆ لە جێی من بای، چۆنت بیر دەکردەوە ؟ دەبێ لێم ببووری کە توندت بە گژدا هاتم ".

"حەمەگیان ! ئێستا شانازیت پێوە دەکەم . نەک هەر مسن، هەموو خەڵکی گەڕەک و تەنانەت هەموو خەڵکی شار شانازیت پێوە دەکەن . بۆخۆت بیری لێ بکەوە. لە نێو شار مابایەوە، ئێستا ئەو قارەمانە بووی؟ ئاوا خۆشەویستی خەڵک بووی ؟ پێم

وا یە قبووڵتە کە نا . کێ دەڵێ تۆش وەک ئەو بەزیو و ترسە نۆکانە نەدەکەوتیە زەلکاوی خەیانەت ؟ کێ دەڵێ نەدەبوویە مایەی سەرشۆڕیی هەر دوو بنەماڵەکە ؟

نازانی چەند سەربەرزم کە لە نێو دەستە خوشکان ناوت دێنم ! ئاگات لێ نیە وەختێک رادیۆ خەبەری عەمەلیاتی لکەکەتان دەخوێنێتەوە ، ئەوانەی لە دەوروبەرمن چەند بە چاوی رێز و حورمەتەوە تەماشام دەکەن ! خۆزگە دەت زانی بەزیو و خۆبەدەستەوە دەرەکان چەند لە بەر چاوی خەڵک سووک و چرووکن ! خونچە خەپلۆنی گەرەکی خۆمانت لەبیرە؟ هەر کە یەکێک لەو بەزیوانە بە کووچەی دا رادەبرێ، بە تشەوس و پلار دایان دەگرێ . بۆ ئەوەی گوێشیان لێ بێ، دەنگ هەڵ دەبرێ : بروانە ئەو خۆبادانەی ! ئەی جەرگت خەرا بێ زەلام ! فیزیشمان پێ دەفرۆشی ! تۆ بڵێی حەمە چکۆڵ نەبێ ؟!

حەمەگیان ! کەژاڵی دەستەخوشکم ساڵێک دەبێ هاتوچۆمان ناکا . لەوەتا ئەو خوێڕییەی دەزگیرانی خۆی تەحویل داوەتەوە ، رووی نیە بچێتە نێو خەڵک . ئەمن دووسێ جار سەرم داوە و دڵ خۆشیم داوەتەوە . بەلام بێ سوودە . بە جۆرێک لە باریک و بنێسیی ناوە، پێم وا نیە بژی. مچە پشت پانیشی بە نەحلەت کرد. هەرچەند خۆیان هێنا و برد، مێردی پێ نەکرد. بەڵام ئەو دەستی لێ هەڵ ناگرێ . تەلاقی نادا . کەژاڵیش دەڵێ : هەتا مارە و تەلاقی ئەو ناپیاوەم بە سەرەوە بێ، خۆم بە حیسان نازانم و کۆڕی دەستە خوشکان لە من حەرامە .

حەمەی قارەمان ! غەمی ئێمەت نەبێ . دنیا هەروا نابێ . ئەو تەمەی ئاسمانی وڵاتەکەمانی داگرتوە ، هەر دەڕەوێ. ئێمە بە ئازادی ، یەک دەگرینەوە . دنیا زۆری بە بەرەوەیە . ئێمە

جارێ هەوەڵی عومرمانە .عومری زاڵم وەک کێوی بەفرین وایە. هەرچەندێک بێ، بە تیشکی هەتاو و هەورەتریشقەی بەهار دەتوێتەوە. ئەم زۆردارەش وەک ئەوی پێش خۆی دەڕوا. جا هەموو خۆشەویستان پێک شاد و شوکور دەبنەوە. ئێمەش "داوەتەکەمان لە سەر گۆڕی داگیرکەر دەگرین".

قسەم زۆرە. ئەوەی لە دڵم دایە هەڵی ڕێژم، کاغەزی دنیا بەشی ناکا. سلاوی هەموو براپیشمەرگەکانم دەگەیەنم. هەر کاتێکیش نامەت بۆ کاک ئاسۆ نووسی، سڵاوی منت لەبیر نەچێ. بەراستی زۆری یاد دەکەین. دایکم و بابم هەر باسی دەکەن. خوا بتان پارێزێ. بە هیوای ڕۆژی سەرکەوتن".

نامەکەم کە تەواو کرد، دامەوە دەستی حەمە و گوتم:

" راستە کە دەڵێن "خوا تەختەتاش نیە، تەختەڕێک خەرە". بەراستی شێرەکوڕێکی وەک تۆ هەر شێرەکچێکی وەک نەشمیلی قابیلە".

حەمە کە لە خۆشیان چاوی پڕببوون لە فرمێسک گوتی:

"سوپاست دەکەم ئاسۆگیان. بەڵام تۆ دەزانی نەشمیل چەند گەورەیە؟".

ڕەشەمەی ساڵی ۱۳۶۴ـ ئاسۆ ـ

شەرتی پیاوان

نووسینی : ئاسۆ
لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی
کوردستانی ئێران

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـــــــران
ـــــــ جۆزەردانــــی ۱۳۶۵ ـــــــ
بایی ٥ تمەنـە